مەسرور بارزانی: ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری سەرۆک کۆماری ئێران مایەی نیگەرانیمانە.



سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی، رایگەیاند، رووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرەکە مایەی نیگەرانیمانە، نزا بۆ سەلامەتی سەرۆککۆماری ئێران و سەرنشینانی هەلیکۆپتەرەکە دەکەین.

مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس رایگەیاند، "ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی هەلیکۆپتەری سەرۆککۆماری ئێران مایەی نیگەرانیمانە، هیوادارم سەرۆک ڕەئیسی و سەرنشینەکانی دیکە سەلامەت بن".

ئاماژەی بەوەدا، "دڵمان لەلای خۆیان و خێزانەکانیانە و نزا بۆ سەلامەتی هەموویان دەکەین".